## لە جامی یەکێتی ئاسیادا بۆ تۆپی پێ

# لە قۆناغی ١٦ هەولێر لە چاوەڕوانی دهۆک-دایە







لە چوارچێوەی یارییەکانی جەولەی پێنجەمی قۆناغی دووەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ، ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتیە بەڕێوە دەچێت، کە تیاییدا چەندین یاری گرنگ و چارەنووساز چاوەڕوانی یانەکان دەکات و هەولێر نوێنەری کوردستان توانی سەرکەوتنی بۆ قۆناغی ١٦ی پاڵەوانێتیەکە مسۆگەر بکات و یانەی دهۆك یارییەکی چارەنووساز ئەنجام دەدات.

**هەولێر بە پلەی یەکەم سەرکەوت**

یانەی هەولێر پێش تەواوبوونی یارییەکانی کۆمەڵەکان بە دوو جەولە توانی سەرکەوتنی بۆ قۆناغی ١٦ی پاڵەوانێتیەکە مسۆگەر بکات و بە پلەی یەکەم، دوای ئەوەی چوار سەرکەوتنی لەسەر یەکدی لە کۆمەڵەی دووەم تۆمار کرد.

ڕۆژی چوارشەممە یانەی هەولێر کاتژمێر ٦ی ئێوارە لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری میوانداری یانەی ئەهلی تەعز-ی یەمەنی دەکات، لەم یارییە هەردوو یاریزان سەعد عەبدولئەمیر و کۆسرەت بایز بەهۆی وەرگرتنی دوو کارتی زەرد بەشداری ناکەن و ڕاهێنەر حەوانەوە دەداتە هەندێك لە یاریزانە سەرکییەکانی تیپەکە، لە لایەکی ترەوە لە هەمان کۆمەڵ و ڕۆژ و کاتدا یارییەکی یەکجار گرنگ لە نێوان هەردوو ئەنسار-ی لوبنانی و فەنجا شانشینی عوممان لە بەیروت بەڕێوە دەچێت، ئەنجامی ئەم یارییە خاوەن بلیتی دووەمی کۆمەڵەکە دیاری دەکات.

**ریزبەندی کۆمەڵەی دووەم**

١-هەولێر ١٢ خاڵ
٢-فەنجا ٦ خاڵ
٣- ئەنسار ٦ خاڵ
٤- ئەهلی تەعز سفر خاڵ.

**دهۆك نزیکە لە سەرکەوتن**

لە چوارچێوەی یارییەکانی کۆمەڵەی سێیەم ڕۆژی سێشەممە لە یاریگەی دهۆك کاتژمێر ٤,٣٠ خولەکی ئێوارە هەردوو یانەی دهۆك نوێنەری کوردستان و شعب ئەب یەمەنی ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، یانەی دهۆك پێویستی بەسەرکەوتن هەیە بۆ ئەوەی تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بۆ قۆناغی داهاتوو مسۆگەر بکات و لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت بۆ ئەوەی لە قۆناغی ١٦ لە نێو یاریگای خۆی یاری بکات.

لە لایەکی ترەوە لە وڵاتی شانشینی عوممان یارییەکی یەکجار گرنگ لەم کۆمەڵەیە ئەنجام دەدرێت، کە تیایدا هەردوو یانەی فەیسەڵی و زوفار-ی عومان-ی ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، ئەم یارییە تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە تا ڕادەیەکی زۆر خاوەن پلەکانی یەکەم و دووەمی کۆمەڵەکە دەستنیشان دەکات.

**ریزبەندی کۆمەڵەی سێیەم**

١-دهۆك ٩ خاڵ
٢- فەیسەڵی ٩ خاڵ
٣- زوفار ٦ خاڵ
٤- شەعب ئەب سفر خاڵ.

**کۆمەڵەی یەکەم**

لەم کۆمەڵەیەدا یانەی کوەیت کوەیتی تا ڕادەیەکی زۆر توانی سەرکەوتنی بۆ قۆناغی داهاتوو مسۆگەر بکات و تەنیا پێویستی بە خاڵێك هەیە بۆ ئەوەی پلەی یەکەم مسۆگەر بکات و رکابەری لەسەر پلەی دووەمی کۆمەڵەکە لە نێوان هەردوو یانەی رفاع-ی بەحرێنی و سەفا لوبنانی دەبێت.

**خشتەی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

ڕۆژی چوارشەممە
ڕێگر تایگرز تاجیکستان — سەفا لوبنان
کوەیت کوەیت-ی — ڕەفاع بەحرێن

**ریزبەندی کۆمەڵەی یەکەم**

١- کوەیت ١٢ خاڵ
٢- ڕەفاع ٦ خاڵ
٣- سەفا ٤ خاڵ
٤- ڕێگر تایگرز ١ خاڵ.

**کۆمەڵەی چوارەم**

لەم کۆمەڵەیە رکابەرییەکی بەهێز لە نێوان هەر سێ تیپی قادسیە کوەیتی و شوڕتە سوری و ڕەمسا ئوردنی هەیە بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغی ١٦.

خشتەی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە.
شوڕتە سوریا — قادسیە کوەیت
ڕەمسا ئوردن — رفشان تاجیکستان

**ریزبەندی کۆمەڵەی چوارەم**

١- قادسیە ٩ خاڵ

ڕاپۆرت: ڕێبین ڕەمزی

٢- شورتە ٩ خاڵ
٣- رەمسا ٦ خاڵ
٤- رفشان سفر خاڵ

خشتە و ریزبەندی یارییەکانی کۆمەڵەکان

کۆمەڵەی پێنجەم

ئەخوە تشرشل هیند – کیتچی هۆنگ کۆنگ
جیش سەنگافورە – سیمین بادانگ ئەندنووسیا

ریزبەندی کۆمەڵەکە

١-سیمین یادانگ ١٠ خاڵ
٢- کیتچی ٦ خاڵ
٣-ئەخوە تشرشل ٤ خاڵ
٤-جیش ٣خاڵ

کۆمەڵەی شەشەم

بیرسیبۆ ئەندنووسیا – بانگۆن یۆنایتد میانمار
سن های هۆنگ کۆنگ – نیو رادینت دوورگەکانی مالدیڤ

**ریزبەندی کۆمەڵەی شەشەم**

١-نیو رادینت ٩ خاڵ
٢-بانگۆن یۆناتید ٩ خاڵ
٣-سن های ٤ خاڵ
٤-بیرسیبۆ ١ خاڵ.

**کۆمەڵەی حەفتەم**

ئەباباوادی یۆنایتد میانمار – نانگ ئێف سی ڤێتنام
مازیا دوورگەکانی مالدیڤ – کیلنتان مالیزیا

**ریزبەندی کۆمەڵەی حەفتەم**

١-کیلنتان ١٠ خاڵ
٢-نانگ ئێف سی ٦ خاڵ
٣-مازیا ٤ خاڵ
٤-ئەباباوادی یۆنایتد ٣ خاڵ.

**کۆمەڵەی هەشتەم**

نافی بانك سایگۆن ڤێتنام – تامبینس رۆڤرز سەنگافورە
سیلانگۆر مالیزیا – ئێست بنگال هیند

**ریزبەندی کۆمەڵەی هەشتەم**

١-ئێست بەنگال ١٠ خاڵ
٢-نافی بانگ سایگۆن ٧ خاڵ
٣-سیلانگۆر ٤ خاڵ
٤-تامبینس رۆڤرز ١ خاڵ.



# فیستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکانی شاری هەولێربەڕێوەچوو

بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی قوتابخانەکان و گرنگیدانی زیاتر بە تواناکانی قوتابیانی وەرزشوان، وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی بەشی چالاکی و وەرزشی و دیدەوانیی پەروەردەی قەزای ناوەندی هەولێری سەربەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر فیستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکانی نێو شاری هەولێرو دەوروبەری ئەنجام دا، لە ڕێوڕەسمەکەشدا لە یاریگای نێودەوڵەتی شەهید فرەنسۆ هەریری بە ئامادەبوونی ژمارەیەك بەرپرسانی حزبی و حکومی و ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی ئامادەیی بەڕێوەچوو، سەرەتای فیستیڤاڵەکەش بە خولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان ودواتریش ڕێڕەوی قوتابخانە بەشداربووەکان ئەنجامدرا، کەسەرەتا بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دواتریش بەرزکردنەوەی وێنەی باوکی روحیی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمرو وێنەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك کۆماری عێراق بەرزکرایەوە قوتابیانیش بەجل و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگەوە هاتنە نێو گۆڕەپانی یاریگاکەوە، دواتر پێشبڕکێی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لەنێوان یاریزانانی قوتابخانە بەشداربووەکان بەڕێوەچوو، کە بریتی بوو لە ڕاکردنی ١٠٠م و ٤٠٠م و٢٠٠م وپۆستە و سێ باز و خۆهەڵدانی بەرز و یەك باز و هاوێشتنی قورسایی بەرێوەچوو، ئەنجامی کۆتایی قوتابخانەکان بەم شێوەی خوارەوەبوو.

**قوتابخانە بنەڕەتییەکانی کچان ٧-٩**

١-هەولێری نمونەیی ٢٤خاڵ
٢-وەفایی ٢٣/٥خاڵ
٣-زەهاوی ٢١خاڵ

**قوتابخانە بنەڕەتییەکانی کوڕان ١-٦**

١-شەوبۆ٢٢خاڵ
٢-دیموکراسی ١٥خاڵ
٣-سەرکارێز ١٤خاڵ

**بنەڕەتیەکان کچان ١-٦**

١-جەواهیری ١٩خاڵ
٢-رۆژیار١٣خاڵ
٣-شەنگال ١٢خاڵ

**ئامادەییەکانی کوڕان**

١-هێمن ٤٧خاڵ
٢-ئەحمەدی خانیێ ٣٨خاڵ
٣-رزگاری ٣٥خاڵ

**ئامادەییەکانی کچان**

١-ژیلان ٤٨خاڵ
٢-هەولێر٢٦خاڵ
٣-نانەکەلی ٢٤خاڵ

**کوڕان بنەڕەتیەکان ٧-٩**

١-هێدی ٣٢خاڵ
٢-بەفراو٢٢خاڵ
٣-زانکۆ٢٠خاڵ







## چوارگۆشەی زێڕینی چامپیۆنزلیگ

# بایرەن میونیخ بەرامبەر بەرشلۆنە

**بایرەن میونیخ * بەرشلۆنە**

کاتژمێر ٩,٤٥ی سبەی شەو سێشـــەممە ٢٠١٣/٤/٢٣ بە کاتی هەولێر، لە یاریگای ئەلیانز ئەرینا لەشـاری میونیخ، یانەی بایرەن میونیخ رووبەڕووی یانەی بەرشلۆنە دەبێتەوە، لەم یارییەدا هەردوو یانە هەوڵ دەدەن باشترین ئەنجام تۆمار بکەن، بایرەن میونیخ دوای ئەوەی نازناوی بۆندسـلیگای بەدەسـت هێنا، چاوی لە جامــی چامپیۆنزلیگە ئەو ئامانجەش تەنها بە دوورخستنەوەی بەرشلۆنە دەبێت، یانەکەی هەرێمی باڤاریا بەباشـترین کاتی خۆی تێدەپەڕێت و بەبۆچوونی چاودێرانەوە پاڵێوراوی یەکەمە بۆ بەدەسـتهێنانی نازناوەکە، یانەی بایرەن پێکهاتەیەکـی نمونەیی هەیـە وخاوەن کۆمەڵێـك یاریزانی لێهاتووە لە هەموو هێلـەکان وەك مانویل نۆیەری گۆڵچی و فیلیب لام و ئالابا و دانتی لە هێلی بەرگری شڤانشـتایگەر و ریبێری و رۆبن و مۆلەر لە هێلی ناوەراسـت و ماندزۆکیچ و ماریۆ گۆمێز لە هێلی هێرشبەر، لەگەڵ راهێنەرێکی بە ئەزموونی وەك یـۆب هاینکس کـە دوا وەرزیەتی لـەم یانەیە و بە هەمـوو توانای دەیەوێت سـەرجەم نازناوەکان بەدەسـت بهێنێـت، بـەڵام لـەم یارییەدا هەریەك لـە یاریزانان ماندزۆکیچ بە هۆی کارتـەوە و تۆنی کرۆس و بادشـتۆبەر بە هۆی پێکانەوە یاری ناکەن، لە بەرامبەردا یانەی بەرشلۆنە یەکێکە لە بەهێزترین یانەکانی ئەوروپا لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا و بە شێوازێکی ئاشکرا یاری دەکات کە بەشێوازی (تیکـی تـاکا) ناسـراوە، ئەو پێکهاتەیەی ئێسـتای یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا ماوەیەکە لەگەڵ یەك یاری دەکـەن و هەماهەنگی تەواویان لە نێواندا هەیە، بە بوونی ڤالدێزی گۆڵچی و پیکێ و دانیال ئالڤێس و خۆردی ئالبا لە هێلی بەرگری و زاڤی هێرناندیز و ئەنێستا و بۆسکێتس لە هێلی ناوەراست و ڤیا و پیدرۆ و میسی لە هێلی هێرشـبەر یانەی بەرشـلۆنە دەتوانێت بەربەستی هەر یانەیەك ببڕێـت ئەگەر لە رۆژی خۆیان دابن، لەم یارییەدا هەریەك لە یاریزانان ئەدریانۆ بە هۆی کارتی زەردەوە و پیۆل و ماسکیرانۆ بە هۆی پێککانەوە بەشـداری ناکەن، هاندەرانی بلوگرانا بە هیوای ئەوەن کە لیۆنێل میسـی لەم یارییەدا لەوپەڕی توانی خـۆی دابێت دوای ئەوەی لە ماوەی رابردوو تووشـی پێکان هاتبوو .

خاڵی هاوبەشـی نێـوان هـەردوو یانە راهێنەر جۆسـیب گواردیۆلایە کە ماوەی چوار ساڵ راهێنەری یانەی بەرشلۆنە بووە و لەوەرزی داهاتووەوە بۆماوەی سێ ساڵ دەبێتە راهێنەری یانـەی بایرەن میونیخ، راهێنەر یۆب هاینکس ولێپرسـراوانی یانـەی بایـرەن ئەوەیان رەتکـردەوە هیچ جـۆرە زانیاری و ئامۆژگارییەك لە راهێنـەر گواردیۆلا وەربگرن بۆ راگرتنی شێوازی یاریکردنی یانەی بەرشلۆنە و یاریزانەکانی .

لە مێژووی سەرجەم خولەکانی ئەوروپا هەردوو یانە لە شەش یـاری لەگەڵ یـەك یارییان کردووە، چوار یـاری لە خولی یانـە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و دوو یاریش لە جامی جامەکانی ئەوروپا:

* لـە ١٩٩٦/٤/٢ لە یاری چوونی قۆناغی پێش کۆتایی جامی جامەکانی ئەوروپا لە شاری میونیخ بەیەك گەیشتن و هەردوو یانە بە ئەنجامی دوو گۆڵ یەکسـانبوون، گۆڵەکانی میونیـخ یاریزانان (ویتزك و محەمەد شـۆل) تۆماریان کرد و گۆڵەکانی بەرشـلۆنە یاریزانان (ئۆسکار گارسیا و جۆرج هاجی) تۆماریان کرد .

* لـە ١٩٩٦/٤/١٦ لە یاریی گەڕانـەوەی قۆناغی پێش کۆتایی جامـی جامەکانی ئەوروپا لە شـاری بەرشـلۆنە بەیـەك گەیشـتن و یانەی بایرەن میونیخ بـە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێك یارییەکەی بردەوە، گۆڵەکانی میونیخ





# بروسیادۆرتمۆند و ریال مەدرید

یاریزانـــان (بابل و ویتزك) تۆماریان كرد و گۆڵی بەرشـلۆنە یاریزان (دیلا پینیا) تۆماری كرد، بە ئەنجامی هەردوو یاری یانەی بایرەن گەیشتە یاریی كۆتایی.

* لە ١٩٩٨/١٠/٢١ لـــە یارییەكانی قۆناغی گروپەكانی خولی یانـــە پاڵەوانەكانی ئەوروپا لە شـــاری میونیخ بەیەك گەیشـــتن، یانەی بایرەن میونیخ بـــە گۆڵێكی بێ بەرامبەر ســـەركەوتنی بەدەســـت هێنـــا، گۆڵەكەش یاریزان ســـتیڤان ئیفینبێرگ تۆماری كرد .

* لـــە ١٩٩٨/١١/٤ لە یارییەكانـــی قۆناغی گروپەكانی خولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا لە شـــاری بەرشـــلۆنە بەیەك گەیشـــتن، یانەی بایـــرەن میونیخ بە ئەنجامـــی دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێك ســـەركەوتنی دووبارە كردەوە، گۆڵەكانی میونیخ یاریزانان (زیكلەر و ســـالحئەمیدزیج) تۆماریان كرد و گۆڵی بەرشلۆنە یاریزان (جیۆڤانی) تۆماری كرد.

* لە ٢٠٠٩/٤/٨ لە یارییەكانی چوونی قۆناغی هەشتەمی خولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا لە شـــاری بەرشـــلۆنە بەیەك گەیشـــتن، یانەی بەرشـــلۆنە بە ئەنجامی چوار گۆڵی بێ بەرامبەر ســـەركەوتنی بەدەســـت هێنا، گۆڵەكانی بەرشلۆنە یاریزانان (میسی دووگۆڵ و ئیتۆ و تیری هینری) تۆماریان كرد.

* لـــە ٢٠٠٨/٤/١٤ لە یارییەكانـــی گەڕانەوەی قۆناغی هەشتەمی خولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا لە شاری میونیخ بەیەك گەیشـــتن، هەردوو یانە بە گۆڵێك یەكسانبوون، گۆڵی میونیـــخ یاریزان (ریبێری) تۆماری كرد و گۆڵی بەرشـــلۆنە یاریزان (سیدۆ كیتا) تۆماری كرد، بە ئەنجامی هەردوو یاری یانەی بەرشلۆنە گەیشتە قۆناغی پێش كۆتایی .

لە شـــەش یاریـــی ئەوروپیـــدا یانەی بایرەن میونیخ ســـێ ســـەركەوتنی تۆماركردووە بەرامبەر یەك سەركەوتن بۆ یانەی بەرشـــلۆنە و لە دوو یارییـــدا بەرامبەر بوون، بایرەن میونیخ ٨ گۆڵی تۆمار كردووە و بەرشلۆنەش ٨ گۆڵی تۆمار كردووە .

**بروسیا دۆرتمۆند * ریال مەدرید**

كاتژمێر ٩,٤٥ی شـــەو چوارشەممە ٢٠١٣/٤/٢٣ بە كاتی هەولێر، لە ســـیگنال ئەدۆنا پارك لەشاری دۆرتمۆند، یانەی بروســـیا دۆرتمۆند میواندارى یانەی ریال مەدرید دەكات، ئەم یارییە دووبارە كردنەوەی یاری نێوان هەردوو یانەیە لەقۆناغی گروپەكانـــی ئەم وەرزەی چامپیۆنزلیگـــە، بەڵام بێگومان بە هیچ شێوەیەك هاوشێوەی دوو یارییەكەی پێشوو نابێت چونكە بارودۆخی هەردوو یانە ئێســـتا جیـــاوازە و قۆناغەكەش زۆر هەســـتیارە لەبەرئەوەی ئەم قۆناغە ئەگەری قەرەبۆكردنەوەی تێـــدا نییە، یان براوە دەبیت و دەگەیتە قۆناغی پێش كۆتایی، یانیش دۆڕاو دەبیت و بەدەســـت بەتاڵی لە خولەكە دەردەچیت، یانەی بروسیا دۆرتمۆند لەم وەرزەی چامپیۆنزلیگ ئاستێكی بەرز پێشـــكەش دەكات و تیپەكە ســـوودی لە بەشداریكردنی وەرزی رابردوو وەرگرت و ئەزموونی یاریزانەكانی دەوڵەمەندتر بوو، یانەی دۆرتمۆند تەنها ئەم نازناوەی لە پێشـــە شـــەڕی لەســـەر بكات بۆیـــە راهێنەر یۆرگن كلـــۆب و یاریزانەكانی توانەكانیان بۆ ئەم دوو یارییە تەرخانكردووە، یانەی دۆرتمۆند خاوەن كۆمەڵێك یاریزانی لێهاتووە وەك ڤاندەرفولەری گۆڵچی و ماتس هوملیس و ســـانتانا و شـــمیلزەر و پسیزیزك لە هێلی بەرگـــری و مایۆ گۆتـــزە و ماركۆ ریـــۆس و گۆندۆكان و كوبا لە هێلی ناوەراســـت و رۆبەرت لیڤاندۆڤســـكی لە هێلی هێرشـــبەر كە دەتوانن سەر ئێشە بۆ هەر تیپێك دروست بكەن و دەتوانن جامەكە بەدەست بهێنن، لەم یارییەدا هەموو یاریزانانی دۆرتمۆند دەتوانن یاری بكەن.

لـــە بەرامبەردا یانەی ریال مەدرید لەســـەرەتای ئەم وەرزەوە نازناوی چانپیۆنزلیگی كردۆتە ئامانجی یەكەم و تا رادەیەك خولـــی لالیگای كردە قوربانی بـــۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، راهێنـــەر جـــۆزێ مۆرینهۆ خەون بەوە دەبینێـــت ببێتە یەكەم راهێنەر لە مێژوو لەگەڵ ســـێ یانـــەی جیاواز جامی خولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا بەرز بكاتەوە، ئاستی یانەی شاهانە لە ســـەرەتادا باش نەبوو، بەڵام ئێستا ئاستی زۆر باشتر بووە، یانەی ریال مەدرید لە رێگای كۆمەڵێك ئەســـتێرە هەوڵدەدات نازناوی دەیەم بەدەســـت بهێنێت، لە دوای پێكانی كاســـیاس، دییگۆ لۆپیز ئاستێكی بەرز پێشكەش دەكات، یاریزانان رامۆس و پیپی و ڤاران و كوێنتراو هێلێكی بەرگری تۆكمە پێكدەهێنن، زاڤی ئەلۆنزۆ و مەســـعود ئۆزیل و سامی خزیرە و دیماریا لە

**رۆژانی سێشەممە ٢٠١٣/٤/٢٣و چوارشەممە ٢٠١٣/٣/٢٤ یارییەكانی چوونی قۆناغی پێش كۆتایی خولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا بەڕێوەدەچێت، بۆ یەكەمجار لەم قۆناغەدا دوو یانەی ئەڵمانی بەرامبەر دوو یانەی ئیسپانی یاری دەكەن، هەردوو یانە زەبەلاحەكەی ئەڵمانیا بایرەن میونیخ و بروسیا دۆرتمۆند میوانداری هەردوو یانە زەبەلاحەكەی ئیسپانیا بەرشلۆنە و ریال مەدرید دەكەن .**

هێلی ناوەراست و کریستیانۆ رۆنالدۆ وەك گۆڵکارێکی بەتوانا باشترین پێکهاتەن کە دەتوانن شکست بەهەر تیپێك بهێنن و جامەکە بەرزبکەنەوە، لەم یارییەدا یاریزان ئەربیلوا بەهۆی





وەرگرتنی کارتی سوور یاری ناکات.

لە مێژووی سەرجەم خولەکانی ئەوروپا هەردوو یانە لە شەش یاری لەگەڵ یەك یارییان کردووە، کە هەر شەشیان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بووە :

* لە ١٩٩٨/٤/١ لە یاری چوونی قۆناغی پێش کۆتایی چامپیۆنزلیگ هەردوو یانە لەشاری مەدرید بەیەك گەیشتن و یانەی ریال مەدرید بە ئەنجامی دوو گۆڵی بێ بەرامبەر سەرکەوتنی بەدەست هێنا، گۆڵەکانیش یاریزانان (مۆریانتس و کاریمبۆ) تۆماریان کرد .

* لە ١٩٩٨/٤/١٥ لە یاری گەڕانەوەی قۆناغی پێش کۆتایی چامپیۆنزلیگ هەردوو یانە لەشاری دۆرتمۆند بەیەك گەیشتن و هەردوو یانە بەبێ گۆڵ یەکسانبوون، بە ئەنجامی هەردوو یاری یانەی ریال مەدرید گەیشتە یاری کۆتایی و لەم وەرزە نازناوەکەی بەدەست هێنا .

* لە ٢٠٠٣/٢/١٩ لە یارییەکانی قۆناغی گروپەکانی چامپیۆنزلیگ هەردوو یانە لەشاری مەدرید بەیەك گەیشتن و یانەی ریال مەدرید بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێك سەرکەوتنی بەدەست هێنا، گۆڵەکانی ریال مەدرید یاریزانان (رائول گۆنزالیس و رۆنالدۆ) تۆماریان کرد و گۆڵی بروسیا دۆرتمۆند یاریزان (یان کۆلەر) تۆماری کرد.

* لە ٢٠٠٣/٢/٢٥ لە یارییەکانی قۆناغی گروپەکانی چامپیۆنزلیگ هەردوو یانە لەشاری دۆرتمۆند بەیەك گەیشتن و هەردوو یانە بە گۆڵێك یەکسان بوون، گۆڵی بروسیا دۆرتمۆند یاریزان (یان کۆلەر) تۆماری کرد و گۆڵی ریال مەدرید یاریزان (پۆرتیلۆ) تۆماری کرد .

* لە ٢٠١٢/١٠/٢٤ لە یارییەکانی قۆناغی گروپەکانی چامپیۆنزلیگ هەردوو یانە لەشاری دۆرتمۆند بەیەك گەیشتن و یانەی بروسیا دۆرتمۆند بە دوو گۆڵ بەرامبەر بەگۆڵێك سەرکەوتنی بەدەست هێنا، گۆڵەکانی بروسیا دۆرتمۆند یاریزانان (لیڤاندۆڤسکی و شمیلزەر) تۆماریان کرد و گۆڵی ریال مەدرید یاریزان (کریستیانۆ رۆنالدۆ) تۆماری کرد .

* لە ٢٠١٢/١١/٦ لە یارییەکانی قۆناغی گروپەکانی چامپیۆنزلیگ هەردوو یانە لەشاری مەدرید بەیەك گەیشتن و هەردوو یانە بە دوو گۆڵ یەکسان بوون، گۆڵەکانی ریال مەدرید یاریزانان (پیپی و ئۆزیل) تۆماریان کرد و گۆڵەکانی بروسیا دۆرتمۆند یاریزانان (گۆتزە و ریۆس) تۆماری کرد .

لە شەش یاری ئەوروپیدا یانەی ریال مەدرید دوو سەرکەوتنی تۆمارکردووە بەرامبەر یەك سەرکەوتن بۆ یانەی بروسیا دۆرتمۆند و لە سێ یارییدا بەرامبەر بوون، ریال مەدرید ٨ گۆڵی تۆمار کردووە و بروسیا دۆرتمۆندیش ٦ گۆڵی تۆمار کردووە .

### چەند ئامارێك دەربارەی هەرچوار یانە

هەرچوار یانەی قۆناغی پێش کۆتایی باشترین ئاستی هونەرییان پێشکەش کردووە و ئەمەش بەشێکە لە ئامارەکانی هەرچوار یانە لە وەرزی ئەمساڵی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا :

* یانەی بایرەن میونیخ : تا ئێستا ١٠ یاری ئەنجام داوە، لە حەوت یاریدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و لە یەك یاری بەرامبەر بووە و لە دوو یاری دۆڕاوە، ٢٢ گۆڵی

تۆمارکـــردووە و ١٠ گۆڵی لێکـــراوە، گۆڵکاری یانە تۆماس مۆلـــەرە بە تۆمارکردنی ٥ گۆڵ، یانـــەی بایرەن میونیخ لە ســـەرجەم یارییەکانـــدا ٩٠ جار هەوڵی گـــۆڵ تۆمارکردنی داوە کـــە ٧٧ هەوڵ بـــۆ ناو گۆڵ بووە، ٨٩ لێدانی گۆشـــە (کۆرنـــەر)ی وەرگرتـــووە، یاریزانەکانی ٢٠ جـــار کەوتونەتە تۆڕی ئۆفسـایدەوە، ١٣٧ فاولیان ئەنجامداوە و ١٥١ فاولیان وەرگرتووە، ٢٤ کارتی زەرد و یەك کارتی سووریان وەرگرتووە، یاریزانانی بایرەن لە ســـەرجەم یارییەکاندا ٦٠٢٤ پاسیان داوە کە ٤٦٠٦ پاســـی تەواو بووە، یانەی بایرەن میونیخ چوار جار جامی چامپیۆنزلیگی بەدەســـت هێناوە لە ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ و ١٩٧٦ و ٢٠٠١.

* یانەی بەرشلۆنە : تا ئێستا ١٠ یاری ئەنجام داوە، لە پێنج یاری سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و لە سێ یاری بەرامبەر بووە و لە دوو یاری دۆڕاوە، ١٨ گۆڵی تۆمارکردووە و ١٠ گۆڵی لێکـــراوە، گۆڵکاری یانە لیۆنیل میســـیە بە تۆمارکردنی ٨ گۆڵ، یانەی بەرشلۆنە لە سەرجەم یارییەکاندا ٩١ جار هەوڵی گـــۆڵ تۆمارکردنی داوە کە ٦٦ هەوڵ بۆ ناو گۆڵ بووە، ٦٦ لێدانی گۆشـــە (کۆرنەر)ی وەرگرتووە، یاریزانەکانی ٢٥ جار کەوتونەتە تۆڕی ئۆفسایدەوە، ٨٧ فاولیان ئەنجامداوە و ١٥١ فاولیـــان وەرگرتووە، ١٩ کارتی زەرد و یەك کارتی ســـووریان وەرگرتووە، یاریزانانی بەرشلۆنە لە سەرجەم یارییەکاندا ٧٩١٢ پاسیان داوە کە ٦٥٨٨ پاسی تەواو بووە، یانەی بەرشلۆنە چوار جار جامی چامپیۆنزلیگی بەدەست هێناوە لە ساڵانی ١٩٩٢ و ٢٠٠٦ و ٢٠٠٩ و ٢٠١١ .

* یانەی بروســـیا دۆرتمۆند : تا ئێســـتا ١٠ یاری ئەنجام داوە، لە شـــەش یاریدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و لە چوار یاریـــدا بەرامبەر بـــووە و هیچ یاری نـــەدۆڕاوە، ١٩ گۆڵی تۆمارکـــردووە و ٩ گۆڵی لێکراوە، گۆڵـــکاری یانە رۆبەرت لیڤاندۆڤســـکییە بـــە تۆمارکردنی ٦ گۆڵ، یانەی بروســـیا دۆرتمۆنـــد لە ســـەرجەم یارییەکاندا ٩٤ جـــار هەوڵی گۆڵ تۆمارکردنـــی داوە کە ٥٠ هـــەوڵ بۆ ناو گـــۆڵ بووە، ٤٩ لێدانی گۆشـــە (کۆرنەر)ی وەرگرتووە، یاریزانەکانی ١٧ جار کەوتوونەتـــە تۆڕی ئۆفســـایدەوە، ١١٤ فاولیان ئەنجامداوە و ١١٠ فاولیـــان وەرگرتووە، ٩ کارتی زەردیان وەرگرتووە و هیچ کارتی ســـووریان وەرنەگرتووە، یاریزانانی بروسیا دۆرتمۆند لە سەرجەم یارییەکاندا ٥٥٠١ پاسیان داوە کە ٣٦٨٠ پاسی تەواو بووە، یانەی بروسیا دۆرتمۆند یەك جار جامی چامپیۆنزلیگی بەدەست هێناوە لە ساڵی ١٩٩٧ .

* یانـــەی ریال مەدرید : تا ئێســـتا ١٠ یاری ئەنجام داوە، لە پێنج یاری ســـەرکەوتنی بەدەســـت هێناوە و لە سێ یاری بەرامبەر بووە و لە دوو یاری دۆڕاوە، ٢٣ گۆڵی تۆمارکردووە و ١٤ گۆڵی لێکراوە، گۆڵکاری یانە کریســـتیانۆ رۆنالدۆیە بـــە تۆمارکردنی ١١ گۆڵ، یانەی ریال مەدرید لە ســـەرجەم یارییەکانـــدا ١١٩ جار هەوڵی گۆڵ تۆمارکردنی داوە کە ٧٠ هـــەوڵ بۆ ناو گـــۆڵ بووە، ٥٩ لێدانی گۆشـــە (کۆرنەر)ی وەرگرتووە، یاریزانەکانی ٢٧ جار کەوتونەتە تۆڕی ئۆفسایدەوە، ١٢٢ فاولیان ئەنجامداوە و ١٣٦ فاولیان وەرگرتووە، ١٨ کارتی زەرد و دوو کارتی سووریان وەرگرتووە، یاریزانانی ریال مەدرید لە ســـەرجەم یارییەکاندا ٥٤١٩ پاسیان داوە کە ٣٩١٨ پاسی تەواو بووە، یانەی ریال مەدرید نۆ جار جامی چامپیۆنزلیگی بەدەســـت هێناوە لە ساڵانی ١٩٥٦ و ١٩٥٧ و ١٩٥٨ و ١٩٥٩ و ١٩٦٠ و ١٩٦٦ و ١٩٩٨ و ٢٠٠٠ و٢٠٠٢ .





خۆێندنەوە و ئامادەکردن : سالار جەلال